# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالآنی ئەمرۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەلامێك بۆ نووسینێكی بەڕێز مەلا بەختیار)

عەلی مەحمود محەمەد– بەشی حەوتەم



## شۆڕش و هەژاری

سەدەی ڕابردوو, سەدەی بەرپاكردنی خەباتە چەكدارییەكان , سەدەی كلّپە سەندنی بزووتنەوە جەماوەرییەكان و جۆش و خرۆشی ڕاپەڕینی قوتابییان و بەشمەینەتان بوو , دژ بە داگیركاری و نایەكسانی لە جیهاندا , سەدەی ڕابونی گەلانی بن دەست , ڕنجدەرانی برسی , ئازادی خوازانی ڕەش پێست , ژنانی یەكسانی خواز بوو بە ڕوی داگیر كاری و ڕەگەز پەرستی و پیاو سالاری و چەوسێنەراندا . سەدەیەك بوو ئەمپریالیزم جگە لە ژاپۆن نزیك بە تەواوی سێ كیشوەری گەورەی پڕ حەشاماتی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریكای لاتینی خستە ژێر ركێفی خۆیەوەو داگیرو تالآن و وێرانی كرد . ئەگەر بە چاوی ئەمرۆوە سەیری تابلۆی سیاسی سەدەی ڕابردوو بكەین , ئەگەر بێ گەڕانەوە لە سەرچاوەی ئەو دەسكەوتە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و یاساییانەی ئەمرۆ مرۆڤایەتی بە دەستی هێناوەو پێی گەیشتووە سەیری بكەین , ئەوا بوونی ئەو بزووتنەوانە بە زیاد دەزانین و بە تاوانی بەرپاكردنی خەباتی چەكداری و ئەنجامدانی توندو تیژی و كوشتنی مرۆڤەكان , بۆ هەلّرشاندنی قین لە یەكسانی خوازی , لەوانەیە بهێنرێنە پای دادگاش . بەلآم ئەگەر بابەتییانە بە مێژوودا ڕۆ چینە خوارێ , دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەسكەوتەكانی ئەمرۆ بە خوێنی قوربانییانی ڕابردوو بەدەست هاتوون , ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە نەبونایە مرۆڤایەتی ناگەیشت بە ئەمرۆی خۆی , ئێستاش قۆناغێكی گواستنەوەیە بۆ كۆمەلّگایەكی مرۆڤانەتر . هەر بڕگەیەك لە دەستورەكانی ئەمرۆ , ڕووبارێك خوێنی لەسەر ڕژاوە , هەر سەنتێكی لە بیمەی بێكاری , دەیان كۆمۆنەو شیكاگۆی لە پێناودا خەلّتانی خوێنكراوە , ناو باریكاردو پشت سەنگەرەكان , سەر شەقام و ناو كارگەو كارخانەكان , كۆیلەداری و ئاپارتایید , زنجیر و مرۆڤ فرۆشتنەكان هەموو شایەدی ئەم ڕاستییەن و گەواهی بۆ دەدەن . دەنگدان بۆ هەمووان , خەبات بۆ یەكسانی ژن و پیاو, **8** سەعات كار لە ڕۆژدا , سەربەخۆیی نیشتمانی و جێكەوتەیی مافی چارەی خۆنوسین , جیاكردنەوەی دین لە دەولّەت , بیمەی بێكاری , خوێندن بە زۆر و بە خۆڕایی بۆ هەموان , هەلّوەشاندنەوەی بڕیاری هەلّواسین و هەزارو یەك دەسكەوتی ئابوری و سیاسی و یاسایی دیكە , هیچ خالّ و بڕگەو ووشەیەكییان لە خۆیانەوە

خۆرسکییانه له زەوی قارچك ئاسا هەڵتەتۆقیون , بەڵکه پەیپی بەر گرتنەکەی خوێن و تێکۆشانی یەکسانی خوازان بووه , تا کاکه بەختیار ئەمڕۆ بەرپا کردنی شۆڕشەکان بەهەڵه بزانێت , ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پەشیمان بێتەوه له خەباتی دوێنێی .
هەر ئەو سستەمه سیاسییەی ناوی سەرمایەداری جیهانییه , چەند سەده تەمبەڵی دەزگاکانی لەسەر ئێسکی کۆیلەکانی مانهایم بنیات نا , دوو جەنگی سەرانسەری جیهانی داسەپاند , سێ کیشوەری داگیرو تاڵان و وێران کرد , ئاپارتاییدی له ئەمەریکاو ئەفریقا دا سەپاند, ماندیلاو مارتن لۆتەر کینگ شایەدی ئەو ڕاستییەن , سەروەت و سامانی هەموو جیهانییان دزی و گواستیانەوه بۆ وڵاتەکانییان , بەو دزیارییه کۆمپانییاو بانکه زەبلاحەکانی ئەمڕۆیان دامەزراند , که ئێستا قووتی هەموو مرۆڤایەتی له ژێر ڕەحمەتی قازانجەکانییاندایه , ژنانییان تا حەفتاکان له دەنگدان بێبەری کرد , به بۆمبی ئەتۆمی له شارەکانییان دا, ئەمانەو هەزار و یەك دەردو بەڵای که چەندە بیانژمێری تەواو نابێت , یەك به دوایی یەك نۆره دەگرن بۆ تۆمار کردن . به دڵۆپەیەك فرمێسکی ئەمڕۆ , ئەو ڕوباره خوێنانەی ڕابردوو پاك ناکرێنەوه , ڕوبارێکی خوێن به بنمیچی مێژووه نوساوه , هیچ دڵۆپێك فرمێسکی تیمساحیانه ناتوانێت شوێنەواری ڕەشییان بەمێژووەوه بسڕێتەوه , ووشەکانی ملوێنان قەڵەم بەدەستی وەك کاك بەختیار ناتوانێت جوانی کات , لێرەوه بێ هیچ دودڵی و ڕاڕاییەك دەڵێم هەموو مرۆڤایەتی قەرزار باری ئەو جوڵانەوانەیه که به خوێن و فرمێسك و ئارەق نوسراونەتەوه . ئەو دەسەسڕانەی فرمێسکییان پێ دەسڕا , هەمان دەسەسڕ بوون لوتیان پێ پاك دەکرایەوه , له شۆڕشەکاندا دەخرانه سەر برینەکان , له برسێتییدا فرمێسکی مناڵه گرینۆکەکانییان پێ دەسڕایەوه . ئەو پێ پەتییانەی کێڵگەکانی پێ دەکێڵرا , هەمان پێ بوو ڕێی دەکرد بۆ ئەوپەڕی دنییا , کۆیلەی ڕاو دەکرد و وولاتانی تاڵان و داگیر .
وولاتانی ئەمپریالی و سەرمایەداری پێشکەوتوو , بەو توانا ئابورییەی به درێژایی زیاتر له **5** سەده به دزینی له کون و قوژبنی ئەم جیهانەوه پێکییانەوه ناوه , توانیوییانه **85٪** داهاتی جیهان بۆ خۆیان دابین بکەن , **85٪**ەکەی دیکەش به هەموەوه **15٪** بیان بۆ دەمێنێتەوه , بەم دزییەی له مێژوودا کردییان ئەمڕۆ چاکسازی له وولاتانی خۆیان ئەنجامه دەن , بەنگەلادیش و لۆکسمبۆرگ بەرهەم دەهێنن , دوو جیهانی تەواو دژ به یەکتر , مۆناکۆو مالی دەخولقێنن , سویسراو عێراق و ئەفغانستان بەرهەم دەهێنن . له دەقەیەکدا **3** مناڵ له برسان دەکوژن , له کاتێکدا له خولەکێکدا **3** مناڵ دەمرێت , کۆمپانییای شەل له کاتژمێرێکدا **3** ملیۆن دۆلار قازانجی کردووه له چارەکی یەکەمی ئەمساڵ (شرق اوسەت **29-4-2005**) . له کاتێکدا ڕێژەی قازانجی تۆتاڵی فەرەنسی و ئێکسۆن و بریتش لەو زیاتر بووه , **4** کۆمپانییای گەورەی نەوتی جیهانی شل , بریتش پترۆلیۆم ,ئێکسۆن مۆبایل و شیفرۆن چارەکی یەکەمی ئەمساڵ **23,8** ملیار قازانجییان بووه ( سی ئێن ئێن **30-4-2005**).
ئەوان دەیانەوێت هەموو جیهانی باشور بکەن به شەوه زەنگی ئەنگوسته چاو , وەك ئێستا خستویانەته پەراوێزی جیهانەوه , وڵاتانێك نەخشییان له بەرهەم هێناندا نەماوەو به خێرو سەدەقه دەژێن , بەم کارەیان دەیانەوێت نوزەی ئەو ڕوناکییەی لای خۆیانەوه دەگاته تاریکستانەکانی ئێمه , به بەهەشت خۆیمان بۆ نمایش بکات , هەرچەنده نوزەی ڕوناکییەکەیان له ئاوابوونه , تەواوی دەسکەوتەکانی ڕابردوو له بیمەی بێکاری و تەندروستی و هاوکاری خوێندن و پشتگیرییه جۆراوجۆرەکان و لانی کەمی سەعاتی کرێ لەپاشەکشەو له ماڵ ئاوایی هەتا هەتایدان . دیواری بەرلیین تەنها شورەوی و مارکسیزمەکەی کاك بەختیاری نەخسته ژێرەوه , بەڵکه سەری حکومەتی خۆشگوزەرانی ڕیفۆرمیستی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕۆژئاواشی لەگەڵ خۆیدا خوارد , کرێکارێکی بازووم بۆ بێننەوه له هەموو ڕۆژئاوادا , له دوای ڕوخانی ئەو دیواره سەرەخۆرەیەوه , یەك سەنت له هەق دەست یاخود سۆسیالەکەی زیادی کردبێت , به گوێرەی هێزی کڕینی بازاڕەوه , لانی کەمی کرێکەی چوبێته سەر , بیمەی تەندروستی و دەرمانی باشتر بوبێت , یارمەتی مناڵان و خوێندن و خانوی زیادی کردبێت ???? .
سەدەی ڕابردوو سەدەی ڕاپەڕین و شۆڕش بوو له جیهاندا , هەندێکییان به سەرکەوتن گەیشتن , بەشێکیشیان شکستییان هێنا , هەر یەکێك لەو جوڵانەوانه هۆکاری بابەتی و خۆیی خۆیان هەبوو بۆ سەرکەوتن و شکست خواردن , یەکێك لەو

شۆڕشە گەورانەی بە سەرکەوتن گەیشت , شۆڕشی چین بوو , لە پاڵ شۆڕشی فەرەنساو ئۆکتۆبەر بە شۆڕشە هەرە مەزنەکانی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی دادەنرێت .

کاك بەختیار هۆکاریی سەرکەوتنی شۆڕشی چین بۆ هەژاری جوتیارانی چینی دەگەڕێنێتەوە , هەنگاوەکانی شۆڕشەکەش بە هەڵەی مێژوویی ناو دەبات :

*(دوای چارەکەسەدەیەکیش, کە کۆمۆنیستەکان لەبەر **هەژاری جوتیاران** لەشۆڕشی شاخەکاندا سەردەکەون, ئیتر بەتەواوەتی رێگەی پەرەسەندنی پرۆسەی سەرمایەداریو دیموکراسیو تەواوکردنی ئەرکە ئابوری, کۆمەڵایەتی, سیاسیو کولتوریەکانی دەگرنو دیکتاتۆریەتی کرێکارانو جوتیارانو سۆسیالیزم, دەسەپێنن.*
ئەمەش هەمان هەڵەیە کە لینین لەشۆڕشی ئۆکتۆبەردا کردیو پێش مردنی لێی پاشگەزبوەوە.)

شۆڕشی چین نەك بە چارەکە سەدەیەك سەرکەوت , بۆ کاك بەختیار زەمەن زیاتر کوورت دەکەمەوە, بەڵکە بە **22** ساڵ سەرکەوت .

بەڕێزی هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشی چین , گرێدەدات بە هەژاریی جوتیارانی چینەوە , نەك ئەو هەموو قوربانییەی کۆمۆنیستەکان لە جەرگەی خەباتدا پێشکەشییان کرد , قوربانییەك قەبارەی خوێنەکەی کەمتر نەبوو لەڕوباری مەزنی زەرد . شەڕی چەکداری و ئەزمونەکانیان بووە ئیلهام بەخشی ملیۆنان کەس و دەیان بزووتنەوەی چەکداری لە جیهاندا , چ مرۆڤێکی بە ویژدان هەیە ڕێپێوانە گەورە مێژووییەکەی ساڵانی **1934–1935** بە بیستنی یان بینینی لەفلیمەکاندا لە ئاستی قوربانی ئەو گەریلایانە سەری ڕێز دانەنوێنێت , تەزووییەك ختۆکەی سەرتاپای جەستەی نەدات.

ئەگەر هەژاری پێوەر بوایە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالستی یان پارتە کۆمۆنیستەکان , دەبوایە ئەو شۆڕشە لە خواروی بیابانی گەورەی ئەفریقا و وولاتانی کەنار سەر بکەوتایە نەك لە چین . دەبوایە بەنگەلادیش و مالی و نایجەر و نایجیریا ببونایەتە ناوەندی مارکسیزم و سەرکەوتنەکان , , نەك ئیتاڵیاو فەرەنساو ئیسپانیا و پورتوگال و یۆنان و ئەمەریکای لاتین , مرۆڤە ئێسك دەرپەڕیووەکانی ئەفریقا ببونایەتە کۆپیی جیگوارا.

با دوور نەڕۆین و زۆر لە کوردستانەکەی خۆمان دور نەکەوینەوە , مارکسیزمەکەی کاك بەختیار لەسەردەمی دەوڵەمەندی خەڵکەکەی لە ڕەونەق و لوتکەدا بوو , لە کۆتایی حەفتاکان و ناوەڕاستی هەشتاکان ئەوەی مارکسی نەبوایە لەم کوردستانە باسی سیاسەتی بکردایە گوێی لێ ناگیرا , هەموو پارتە سیاسییەکان لە کوردستان , سۆسیالستێکییان بە کلك خۆیانەوە کردبوو , تا شەهامەتی کاری سیاسییان هەبێت , کەچی لەو سەرو بەندەدا داهاتی تاکی مرۆڤی عێراقی لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا بوو . بە بۆچونی کاك بەختیار بێت دەبوایە لە سەردەمی ئابلوقەی ئابوری لە سەر کوردستان کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەك گەشەیان بکردایە کەس گوێی لە لایەنەکان دیکە نەگرتایە , کەچی لەم سەردەمی برسێتییەدا مارکسییستەکانی کورد دەکەونە پەراوێزەوە , لایەنە تاریکەکان شوێن پێیان پێ لەقە کەن , لە ڕوی سیاسی و ڕێکخستن و ڕۆشنبیرییەوە مارکسییەکان بە هەموو لق و پۆپەکانەوە دەکەونە پەراوێزەوە , کاك بەختییار کۆتایی بە مارکسی بوونی خۆی دەهێنێت و ڕێکخستنەکەی هەڵوەشێنێتەوە . دەکرێت بڵێین چەوساندنەوەی جوتیاران لە لایەن دەرەبەگەکانەوە کە زۆربەی زۆری زەوی کشت و کاڵی چین بە دەستیانەوە بوو , هۆکارێکی سەرکەوتنی شۆڕشی چەکداری بوولە چین , لە پاڵ کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و خۆیی دیکە . چەوساندنەوەی توندی جوتیاران لە لایەن دەرەبەگە چینییەکانەوە بە یەکێك لە هۆکارەکانی کۆبونەوەی جوتیاران دەزانم لە دەوری شۆڕش , هەرچەندە کاك بەختییار دەرەبەگایەتی لە هاوکێشەی هەژاری جوتییارانی چین دەرکردۆتە دەرەوە , سوێندی خواردەوە ئەوەی پەیوەندی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە هەبێت بە زاریا نەیات , بەڵام کارامەیی سەرکردایەتی و هەلومەرجی جیهانی و هاوکاری سۆڤییەت و هەستی نیشتمانی و

شۆڕشگێڕبوونی پارتی سەرکردە و .... سەرجەمییان وەك ئەلقەی لە یەکتر دانەبڕاون و  بە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە دەزانم .

کاك بەختیار وەك لەبەشەکانی پێشوتردا ئاماژەمان پێیدا , هۆی دواکەوتنی چینییەکان لە کاروانی پێشکەوتن دەباتەوە سەر گەندەڵی نەك ئەمپریالیزم و داگیرکاری , لەم بەشەشدا هۆکاری سەرکەوتن دەباتەوە بۆ هەژاری , هەژارییەك سەرچاوەی بوونی دیبار نییە , مرۆڤ بێبەری دەکات لە هەژار کردنی مرۆڤەکان کە , پاکانە بۆ چەوسێنەران دەکات , جێگەیەك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ناکرێتەوە .

 سەرکردایەتی بە ئەزموون و پشو درێژی کۆمۆنیستەکان و  قوربانی دانی بیٚ پایانیان  , ئەو قوربانییەی سەرنجی کەرتێکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئەم سەرزەمینەی بۆ خۆی ڕاکێشا , هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشن لە پاڵ خەباتی جوتیاران دژ بە سستەمی گەندەڵی دەرەبەگایەتی . ئەمە وای کرد جەماوەری ئەم شۆڕشە بە ئەندازەیەك فراوان  بوو , دوو لەو سیٚ کەسی دەستەی سەرکرایەتی ئەمڕۆی عێراق لە دەروێشەکانی ڕابردووی ئەو بزووتنەوەیە بوون (مام جەلال –عادل عبدوالمەهدی)  .

کاك بەختییار بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت , داگیرکاری  و ئەمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و  پارتی کۆمۆنیست لە هاوکێشەکان دەرکاتە دەرەوە , ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی شوێنەوارێك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ و خەباتی چینایەتی نەمێنێتەوە  .

هەموو مێژوییەك , مێژوی پێش خۆی هەیە , بۆ مێژووی شۆڕشی چین , دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پێشتر , ئەگەر مێژوی پێش سەرکەوتن نەزانین , هۆکاری بەرپا کردنی شۆڕش بە کارێکی زیاد دەزانین     .

ساڵی **1911** ماوتسی تۆنگ و **11** هاوڕێی پارتی کۆمۆنیستی چینیان دامەزراند , هیچ یەکێك لەو کەسانە جوتیار نەبوون , تا هەژاری پاڵی پێوە نابێتن بۆ کاری سیاسی , بەڵکە هەموو لە ڕۆشنبیرانی شارنشینی بوون . ساڵی **1921** پارتی کۆمۆنیست یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست , لەو سەرو بەندەدا تەنها **57** ئەندامی  هەبوو ئەوانەش لە ڕۆشنبیران بوون (**بیر روسية –حوار تمدن عد1073 –9-1-2005. ثورة الصينية الثانية و تشكل الرؤية الماوية**) .(هەندێکی کە ژمارەی ئەندامان بە **70** دادەنێن –ل**107**–د.صباح محمود–الصين).

کۆنگرەی **4** ی پارت لە بەرواری **11–6– 1925** کە بەسترا , ژمارەی ئەندامانی گەیشتبووە **950** , بەڵام پاش دوو ساڵ , لە کۆنگرەی **5** دا کە لە بەرواری **27–4– 1927** لە ووهان بەسترا , ژمارەی ئەندامەکانی پارت گەیشتە **57900**کەس , لە کۆنگرەی **6** کە لە بەرواری **18–7–1928**, پاش هێرش بۆ سەر کۆمۆنیستەکان لە شارەکان بەسترا ,  ژمارەی ئەندامان دابەزی بۆ **40000** ( ص**107**الصين–دراسه فى الجيوبولتك–د.صبح محمود محمد).

 لە ساڵی **1927**  **38000** کۆمۆنیست لە شارەکان ڕەشە کوژی کران (بیر روسیە –بەشی سێیەم –ژمارە **1079** – حیوار تمدن). ئەم ڕەشە کوژییە وای کرد کۆمۆنیستەکان سەنگی خەباتییان لە شارەوە بگوازنەوە بۆ لادیٚ و خەباتی چەکداری ڕابگەیەنن , لە درێژەی خەباتی چەکداری پاش ئەو تێسرەواندنانەشی لە ڕێپێوانی مێژوویی ساڵانی **34–35** لێییان کەوت گەشەیان کرد , جەماوەر وەڵامدانەوەیان هەبوو بۆ داخوازەکانییان . لە کۆنگرەی **7** کە لە  **23**ئەبریل بۆ **11** یۆلی ساڵی **1945**لە یانان بەسترا ژمارەی ئەندامان بەرز ببوەوە بۆ **1210000** ئەندام .

 خەباتی چەکداری تا سەرکەوت  **22** ساڵی خایاند , بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە شارەوە دەستی پێکرد , بە ئازاد کردنی لادێکان و ئابلوقەی شارەکان گەیشت  . کۆمۆنیستەکان ناچارکران دەست بدەنە چەك , ئامانجە سەرەکییەکانی جوڵانەوەکەیان بریتی بوو لە ( شۆڕش بۆ زەوی , شەڕی دژ بە داگیرکەری یابان , شەڕی ناوخۆ دژ بە کۆنەپەرستان) , تا ئەو کاتە خەڵکی چین پیٚ پەتی بوون ( از جیهانی برای فتح– شماره **25 –1378**). لێرەدا دەبینین هەژاری , داگیرکاری , کۆنەپەرستی و چاکسازی زەوی, سەرجەمییان پێکەوە هەوێنی شۆڕشی چین بوون .

سەربازانی چینی کە چونە ناو پەکینەوە لە  سالّی **1949** زەوی و سەربەخۆیی ولاّتەکەیان دەویست بەبیّ ئەوەی هیچ لە دیموکراتی بزانن ( **بعض قضايا للمستقبل –تاملات حول تحديات العالم المعاصر-بيروت , دار الفارابي-1990-ص51).**

ماو لە سالّی **1936** ووتی کاری پەلەمان بە دەست هیّنانەوەی  هەریّمە لە دەست چووەکانە ( ل**14** د.صباح) , بەم شیّوەیە دەبینین یەکخستنەوەی  وولاّت و دەرپەڕاندنی داگیرکەران لە داخوازییە بە پەلەو سەرەکی و یەکەمەکانی شۆڕش بوو .

مەرجیش نییە هەموو ئەوجوتیارانەی لەگەلّ دابەش کردنی زەویدان لە  جوتیارانی هەژار بن , بەلّکە توێژەکانی کەش تێکەلّ بەم داخوازییە دادپەروەرانەیە دەبن , بە تایبەت ژنان و خوێنەوارانییان .

## ئایا شۆڕش هەلّە بوو؟؟؟

دەبیّت چەند کەس کەوتبنە بەر هێرشی قەلّەمی هاوڕیّ بەختیار بە تاوانی ئەوەی ووتبییەتیان ئەنجامدانی شۆڕشی سۆڤییەتی و چینی هەلّە بوون , مارکس لەگەلّ ڕاپەڕینی خەلّکی پاریس نەبوو پێش بەرپاکردنی , پارایەوە لێیان دەست نەدەنە چەك , بەلاّم کە بەرپا کرا ستایشی کردن بە جوانترین دەربڕین , بە هێرش بەرانی ئاسمان ناوی بردن . لە ڕوسییا , شەڕ و برسێتی و چەوساندنەوەی فیودالّییانەی جوتیاران  و ستەمی نەتەوایەتی و گەندەلّی و ....  زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕشییان خۆشکرد . شۆڕش نەبوایە بەرداشی شەڕ بەردەوام جەستەی سەربازانی لە کورەی خۆیدا دەسوتاند و ئەو ئاشتییە جیهانییەی ئەنجام درا ناهاتە دی , حەزبیای شەر ڕوحی ملیۆنان مرۆڤی کەی قوتەدا , نهێنییەکانیشی بۆ جیهان لە دابەشکردنی جیهان ئاشکرا نابوو , لەم ڕووەوە هەموو مرۆڤایەتی قەرزار باری پەیماننامەی برێستە .

کەواتە بەرپا کردنی شۆڕش ڕەوایەتی خۆی هەبووە , بەلاّم سوتاندنی قۆناغەکان لە لایەن لینینەوە , تێکەلّکردنی قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی و سۆسیالستی , هەلّوێستی هەلّە لەسەر دیموکراسی و ئازادییە تاکەکان , هەنگاوە ئابورییە توندڕەوییە بێبەرەکانییان هەلّەی گەورەن و پێویستییان بە لەسەر وەستان تێڕامانە  .

لە خوارەوە ژییانی هاوولاّتییان لە پێش شۆڕشی چین باس دەکەم , ئەوجا شۆڕش ڕەوایەتی و سەرهەلّدانی خۆی لە ژییانی خەلّکەوە وەرە گرێت و پێویستی بە تەسکییەکردنی کەس نابێت .

## کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار و شۆڕش

چین وولاّتێکی جوتیاری بوو پێش سەرکەوتنی شۆڕش , زیاتر لە **90٪** هاوولاّتییان لادیّ نشین بوون , , کۆمۆنیستەکان پاش ئەوەی لە شار تێسرەواندنییان بەر کەوت , قورسایی تێکۆشان و چالاکی سیاسی خۆیان گواستەوە بۆ لادیّ , سەری پرۆلیتارییان خستە سەر جەستەی جوتیاران , واتە مرۆڤی جوتیار و بیری سۆسیالستی پرۆلیتارییا .

چین وولاّتێکی لادیّ نشینی هەژاری دواکەوتوو بوو , ئێستاش ژمارەی لادیّ نشینان سیّ لە پێنج بەش زیاتری کۆمەلّ پێك دەهێنێت , ژمارەی چینی کرێکار لە نێوان سالاّنی **1915–1920** بە گشتی **650000** بوو , لە کۆی زیاتر لە **400** ملیۆن دانیشتوان . بەلاّم سەرەتای بیستەکان گەیشتە ملوێن ونیوێك . تەنها شاری شەنگەهای **57** کارخانەی تێدا بوو , هەریەکەی لە نێوان **500–1000** کرێکار کارییان تێدا دەکرد , هەروەها **49** کارخانەی

دیکه , هەریەکەیان  زیاتر لە **1000** کرێکار کارییان تێیدا دەکرد , ساڵی **1933** کەرتی پیشەسازی تەنها **3-6**٪ داهاتی نەتەوەیی چینی پێك دەهێنا , ئەوانەش بەشی زۆرییان لە کەرتی ڕستن و چنین و جلو بەرگ بوون .

کارگاکانی شەنگەهای **154000** کرێکار کاریان تێیدا دەکرد , لەوانە **86000** ییان ژن و **22000** ییان منداڵ بوون **(ص 55 - صين-ماضيها و حاضرها-فراك اوين – قبلة ثورة طبعة كتاب).**

منداڵانی چینی لە بری خوێندن و چوونە قوتابخانە , لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی بێگانە کاریان پێ دەکرا بە کەمترین نرخ , لە ساڵی **1924** منداڵانی کرێکاری چینی **5**٪ ییان لە کارخانەکانی ژاپۆنی و **13**٪یان لە کارخانەکانی چینی و **18**٪ییان کارخانەکانی بەریتانی و **44**٪ییان کارخانەی فەرەنسی و ئیتاڵی کارییان دەکرد **(ص-15-صين-ماضيها و حاضرها-فراك اوين – قبلة ثورة طبعة كتاب).**

ئەگەر منداڵان لە خوێندن بێبەری بوبێتن بەهۆی هەژاری و نەبوونی پشتگیری مادیی و یاسایی لە خوێندن , ئەوا کار کردنییان یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو نەچوونە قوتابخانەیەو ئەو پلە بەرزە لە ڕێژەی نەخوێندەواری بووە , ڕێژەی نەخوێنەواری **90**٪ی کۆمەڵگای چینی پێك دەهێنا **(ص13-صين-ماضيها و حاضرها-فراك اوين – قبلة ثورة طبعة كتاب).**

ژنانیش ژیانییان باشتر نەبووە لە جگە گۆشەکانییان, لە کونجی ماڵەوە زیندانی کران بۆ ئەنجام دانی کاری ناوماڵ , تا ساڵی **1958** زۆربەی ژنانی چینی کاری ماڵەوەیان دەکرد . بەڵام دواتر چین بووە یەکەم وولات لە ئاسیا بۆ بەشداری ژنان لە کارو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگییەکاندا . لە ساڵی **1966** لە شاری شەنگەهای زیاتر لە نیوەی ژنان کارییان دەکرد ( نیم از اسمان – درباره رهاتن زنان در چین – کلودین یوروایل – پکین **1974**).

چەوساندنەوەی کرێکارانی چینی هەر بەوەندەوە نەوەستا , ئەو هەقدەستەی وەرییان دەگرت , نایتوانی ژییانێکی مەمرەو مەژی پێ دابین بکەن , بەڵکە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا ژاپۆنییەکان کرێکارانی کۆری و چینییان بە زۆر دەنارد بۆ ژاپۆن , تا لەوێ لە سربازگاکان کارییان پێ بکەن (اهرام **16-4-2005** ژمارە**43230**). لەبەرهەم هێنانی کەل و پەلی جەنگی کەڵکییان لێ وەربگرن , ئەمەش بۆخۆی بەشێکە لە سستەمی کۆیلەداری .

## داگیرکاری و سوکایەتی

**هیگڵ پێی وایە پاڵەوانەکانی مێژوو , یاخود گەورە واڵاکەرانی وەك ئەسکەندەری مەکدۆنی , یاخود یولیۆس قەیسەرو ناپلیۆن پۆناپارت لە شەڕەکانییاندا زۆرییان وێران کرد و هەزارەها مرۆڤیشییان کوشت , بەڵام ئەو کردەوانە کاری پێویست بوون ,تاکو مرۆۆ بگات بە ڕاستیی و ڕوناکی و هەر شتێکیش لە مێژوودا ڕوو بدات لە قەسابخانەو شەڕو ئێش و ئازار و ناخۆشی , شتی پێویست و عاقڵمەندانەن (خالید عوسمان –خەبات – 2-4-2005). کەچی هیگل داکۆکی کەر بوو لە ئازادی .**

ئەوەی ماو لە چیندا ئەنجامی دا, ڕزگارکردنی چین بوو لە پارچە پارچەیی و داگیرکاری و دەرەبەگایەتی و گەندەڵی . لایەنە پۆزەتیڤەکانی شۆڕش گەلێك لەو هەڵەو کەم و کوڕییانە گەورەترە , کە لە جەرگەی جێبەجێکردنی خەونە گەورەکاندا بۆی هاتنە پێشەوە .

ساڵی 1784 یەکەم کەشتی ئەمەریکی گەیشتە بەندەری کانتۆن , گەیشتنی ئەو کەشتییە سەرەتایەك بوو بۆ نەگبەتی چینییەکان و داگیرکاری دواتری ئەم وولاتە لە لایەن هێزە رۆژئاوایی و رۆژهەلاتییەکانەوە. تا سەدەی نۆزدەهەم وولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیا ئاگادار نەبوون لە بوونی ئەوروپا (سفیر 25-8-2004 ئیمانۆیل الرشتاین). چینییەکان هیچ پەیوەندییەکییان بە رۆژئاواییەکانەوە نەبوو و هێچ پێویستییەکیشییان پێیان نەبوو . لە کۆی پەلاماردانەکان و داگیرکارییەکان وەك لە پشکەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێی داوە , چین کۆی گشتی 4009093 کم خاکی لەدەست دا (**الصین-دراسة في الجیوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص15**). تا ئێستاش نەیتوانیوە سەرجەم برینەکانی سارێژکاتەوەو هەموو خاکەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناو نەخشەی سیاسی وولات .

که شۆڕش سەرکەوت , ماو خەونە نیشتمانییەکانی خۆی نەشاردەوە , ئەوخەونانەی زۆرجاری پێشتر لە سەر خولییای گەڕانەوەی سەروەرییەکانی چین بە ناسیۆنالیزم لە لایەن هاو رێبازەکانییەوە تاوانبار کرا, خەونی رزگارکردنی ناوچە داگیرکەرەکان . کۆمۆنیستەکان بە سەرکەوتنییان بەشێك لە ناوچە داگیرکراوەکانییان ئازاد کرد و ولاتییان یەك خستەوە (**جولة في الصین-کارل اسکلوند-ترجمة عمر الاسکندري-دار الفکر العربي-قاهرة-ص52**) .

ئەو ئەرکەی دەبوایە پێشتر پارتە نەتەوەییە بۆرژواییەکان ئەنجامییان بدایە , نەك تەنها ئەنجامییان نەدا , بەڵکە بە گەندەڵی و سازش زیاتر وولاتییان بەرەو پارچە پارچە بوون و داگیرکردن برد , ئەو ئەرکانە کۆمۆنیستەکان ئەنجامییان دا , رابەرایەتی بزاڤی رزگاری و یەکێتی نیشتمانییان کرد . ماو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ووتی : گەلی چین چارەکی مرۆڤایەتییە ,ئەمرۆ راپەڕیوە , لەم رۆوە کەس ناتوانێت سوکایەتییمان پێ بکات (الصین–دراسه فی الجیوبولتك–د.صبح محمود محمد–ص9).

مەبەستی لە سوکایەتی , سوکایەتی مامەڵەی سیاسی و بەکەم زانیین و پارچە پارچە کردنی نیشتمان بوو . ژێر چەپۆکی و زەبوونکردنی بەوەی نەتوانێت بە ئاستی قەوارەی خۆی دەنگی هەبێت و رۆڵ بگێڕێت, دابرینی بەشە خاك لە جەستەی نیشتمان , بەکەم زانیین و پەراوێز کردنی لە روی ئابوری و سیاسییەوە...... . شۆڕشی چین کۆتایی بەو سوکایەتییە بۆ هەتا هەتایە هێنا , کەرامەت و شەخسییەتی بۆ چین گەڕاندەوە , کردی بەو وولاتەی داهاتوو لە چاوەڕوانی سەماکردنییەتی بۆ گوڵ .

هەستی تۆڵە کردنەوە لەو سوکایەتی و غەدرە مێژوییانە , چۆن ئەمرۆ هاوولاتییانی ئەم ولاتە یەکدەخات و رایەکی گشتی دروستە کات بۆ تۆڵە کردنەوەی دوو سەدەی سوکایەتی, بەڵێ کۆمۆنیستەکان کەرامەتییان بۆ چینییەکان گەڕاندەوە , ئەو کەرامەتەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری دۆڕاندییان .

کاتێك ئەمساڵ وولاتی ژاپۆن پەرتوکی خوێندنی قوتابخانەکانی چاپ کرد , تاوانەکانی خۆی لە چین و وولاتانی کەی ئاسیایی کاڵ کردەوە , رابوونی جەماوەری دژ بەم کردەیە نەك چین بە تەنها ,بەڵکە هۆنگ کۆنگیش دەگرێتەوە , هەڵچونەکان ئەوەندە بەهێز بون لە پێشییانەوە بازاڕەکانی دراوو پشکییان ترساند, سەرمایە خۆی چەندە ترسنۆکە لە حەزییای چین زیاتر زەندەقی چووە . ژاپۆنیان ناچار کرد داوای لێبوردن بکات . هەرچەندە ترسی ئەوە هەیە ئەم داوای لێبوردنەش کاغەزی ژێر کاربۆنەکانی بەیاننامەکانی رابردوو بێت .

د.ستیڤفن مامۆستا لە زانکۆی بەناوبانگی ئێکسفۆرد دەڵێت : (چین هێزێکی گەورە بوو سەدەیەك لەمەوپێش , مل کەچی لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ئینگلیزەکان گەیشتنە چین, مل کەچی درێژەی کێشا تا کۆمۆنیستەکان گەیشتن بە دەسەلات لە ساڵی 1949. ئێستا چین لە گەشەی ئابوری بەردەوامە , هێزی سەربازیشی هاوکات لە چونە سەرەوەیە , ئەمەش وا دەکات چین زەلیلی رابردوی بسرێتەوە (بیان 31-3-2005).

ئەمە هەمان خەونی مەزنە ماوتسی تۆنگ لەیەکەم ووتاری پاش سەرکەوتنی شۆرش لە مەیدانی تیان مین روو لە جەماوەری دای , بانگەوازی کۆتایی هێنانی دا بە زەلیلی ئیمپریالی و داگیرکاری و پارچە پارچەیی وولات .

لە نێوان سالآنی **1937-1945** زیاتر لە **35** ملیۆن چینی بە دەست ژاپۆنییەکان کوژران , **6** ئەوەندەی تاوانی هۆلۆکۆست (اهرام **16-4-2005** ژمارە**43230**). بەلام کەس باسی لیٚ ناکات , بەشاردنەوەی دەیانەوێت شەرعییەت لە پەرپاکردنی شۆرش وەرگرنەوە , دەیانەوێت بە نەرێتە مەدەنییەکانی ئەمرۆ دژ بە گیبانی شۆرشگێری ئەو سەردەمە بوەستنەوە , بیٚ ئەوەی تاوانەکانی خۆیان باس بکەن , بیٚ ئەوەی باس لە هۆکاری سەرهەلدانی ئەو گیانە شۆرشگێرییە بکەن .

چینییەکان کورد ئاسا زۆر بەدەست زەلیلی تلانەوە گوێیەك نەبوو گویٚ بیستی جینۆسایدکردنییان بێت , دەنگێك نەبوو دژی بێت , بە بیٚ دەنگی هەموو وولاتە ئەمپریالستییەکان کەوتنە قەسابی کردنییان .
لە بەرواری **13-12-1937** کاتێك سوپای یابانی شاری نانگینی گرت **300000** چینی لەیەك کردەدا جینۆساید کرد , سەرباری پەلاماری سێکسی کرایە سەر **20000** ئافرەت . چینییەکان ئەو زەلیلییەیان لەبیر نەکردووە بە ئێستاوە , بۆیە بەرامبەر بچوکترین سوکایەتی سەنگەرە گرن . سالی **1999** بەهۆی هێرش بۆ سەر بالۆێزخانەی چینی لە بلۆگراد لە لایەن فرۆکە ئەمریکییەکانەوە , چینییەکان خۆپیشاندانی گەورەیان ئەنجامدا , حەماسەتی نیشتمانی و داکۆکی لە وولات کێرڤی چوو بە ئاسمانا , حکومەتیش پێویستی بەمە هەبوو بۆ روپۆش کردنی ئەو کێشە کۆمەلآیەتییانەی لە ئەنجامی چاکسازیی سەرییان دەرهێنا .
هەرچەندە ژاپۆن پارسال بووە یەکەم شەریکی بازرگانی چین لە جیهاندا , نزیك بە **48** ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری کردووە لە چیندا , قەبارەی بازرگانی نێوانییان پارسال گەیشتە **213,28** ملیار دۆلار(**24-4-2005** شینخوا) , بۆ ئەمسالیش قەبارەی بازرگانی نێوانیان لە بەرز بونەوەدایە . بەلام چین چاوپۆشی کرد لە بەرژەوەندییە بازرگانییەکان , رازی نەبوو بە کال کردنەوەی تاوانی جینۆساید بەرامبەر بە چینییەکان لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی ژاپۆنی , ئەو گەلەی سوکایەتی رابردوو لە بیر بکات , بە سوکایەتی ئایندەش رازی دەبێت . زیانی بۆرسەی تۆکیۆ لە ئەنجامی گرژ بوونی پەیوەندییەکانی نێوان ژاپۆن و چین گەیشتە **118,9** ملیار دۆلار , کۆمپانییای سۆنیش **5٪** دابەزی (شرق اوسەت **19-4-2005**). کێشەکە تەنها لە ساز دانی خۆپیشاندان نەوەستایەوە , بەلکە گەیشتە دەرهێنانی گازو نەوتیش لە دەرییای چینی رۆژهەلات , ژاپۆنییەکان ویستییان لە سنوری دەریایی خۆیان لە دەرییای چین بە دوای گازدا بگەرێن , بەلام چین بە توندی نارەزایی دەربری , ژاپۆن ناچار کرا بە هاوبەشی ئەم پرۆژەیە بەرنە پێشەوە کە یەدەکی گشتییەکەی **200** ملیار مەتر چوارگۆشە گازە . هەروەها چینییەکان دژ بەوەن ژاپۆن ببێتە ئەندامی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان , هاوکات پشتگیری هیندییەکان دەکەن لەم پلەیە . هەموومان ئەوەمان لە یادە چۆن فرۆکەی سیخوری ئەمەریکییەکان لە ئاسمانی چین هێنرایە سەر زەوی و بە پارچە پارچەیی نێردراوەیەوە بۆپنتاگۆن , ئەمە سەرەتای کۆتایی هێنان بەو زەلیلییە بوو تا ئێستاش ئازاری دەروونی چینییەکان دەدا و برینە قولەکانی سارێژ نەبۆتەوە , سەرەتایەکە بۆ سەلماندنی من هەم .
بەسەرکەوتنی شۆرش تەواوی خاکی چین یەکخرایەوە , جگە لە ماکاو و هۆنگ کۆنگ و تایوان , ئێستا تەنها سێیەم بە دابراوی ماوە . هەروەها تەواوی ئیمتیازاتەکانی رۆژئاوا پاش سەرکەوتنی شۆرش لە چین هەلوەشایەوەو کۆتاییان پیٚ هێنرا . چارچل لە سالی **1946** ووتی : بە هەلە ئەم بەرازەمان سەربری (مەبەستی هیتلەرە ) , دەبوایە دژ بە سۆڤییەت بجەنگایا . بەرامبەر بە شۆرشی چینیش هەمان هەلوێستییان وەرگرت . کاتێك ژاپۆنییەکان چینییان داگیرکرد , ئەمەریکییەکان ووتیان بەرژەوەندیمان لە چیندا نییە , بۆیە بیلایەنی خۆیان راگەیاند , بەلام کە کۆمۆنیستەکان کۆمینتاغییان راو ناو و تێکییان شکاندن , خۆیان یەکلا کردەوەو بوونە لایەنگری حکومەتی هەلآتوو . لە دوای روخانی حکومەتی کۆمینتاغ وولاتە

یەکگرتوەکانی  ئەمەریکا پشتگیری لە حکومەتی هەلاتوو کرد , لە ساڵی 1948 کۆنگریسی ئەمەریکی بڕیاری دا بە فەرمی پشتگیری لە حکومەتی کۆمینتاغ بکات .لە نێوان ساڵی 1949 بۆ 1971 پەیوەندی نێوان چین و ئەمەریکا دوژمنایەتی و پچڕان بوو . ساڵی 1971 بۆ 1989 قۆناغی نزیك بوونەوە (مستقبل العلاقات الامیریکییە–صینیە – مرکز الامارات للدراسات –  بیان 28–2–2005).

تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە مانگی یۆنی 1967, سەرەتایەك بوو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بۆ گەڕانەوەی هەیبەتی لە دەست چوو , بە چوونە سەر مانگ ئەو هەیبەتە گەورەتر کرا , ئۆڵەمپیادی 2008 هەیبەتەکە مەزن تر دەکات. لە نێوان ساڵانی 500 تا سەدەی شانزەی زاینی چین سەرکردایەتی جیهانی کرد , ئەو ساڵانە سەرەتای شۆرشی پیشەسازییە و چین دەکەوێتە پەراوێزەوە , شۆڕشی پیشەسازی سەرەخۆرەی هەیبەتی چین بوو , بەڵام چەندە لە ڕابردوو نەگبەتی بوو بۆی , لە داهاتوودا هەیبەتە دزراوەکەی بۆ دروستە کاتەوە .  ساڵی 1820 وولاتانی ئاسیا سێ لەسەر پێنجی بەرهەمی شمەکی جیهانی بەرهەم دەهێنا , لە ساڵی 1940 ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ یەك لەسەر پێنج . بانکی ئاسیا لەو بروایە دایە تا ساڵی 2025 چین شوێنی خۆی بگرێتەوە , ئەو شوێنەی گەلە کۆمەی ئەمپریالی و داگیرکاری و گەندەڵکاری لێیان زەوتکرد . گومانلێکراوان وای بۆ دەچن , چین چاوەڕوانی خۆگرتنەوەوی ئابورییەکەیەتی تا باڵادەستی سەربازی و سیاسی ئایندە دابین بکات , ئەوجا مامەڵەی خۆی بگۆڕێت .  واتە ئەو شێوازەی کە چین خۆی نیشان دەدات وەك هێزێکی نەرم  لە ئایندەدا ئەگەری ئەوە هەیە بگۆڕێت بۆ  هێزێکی زبر , ئەوەی ئێستا هەیە قۆناغی گواستنەوەیە تا زەمینەکانی ئەو گۆڕانکارییانە دەڕەخسێت .

## چینییەکان پێش شۆڕش و دواتر

کۆمۆنیستەکان کە شەنگەهایان گرت زۆریان لە ژیانیان شارییان نەدیبوو , هەندێکیان پەلاماری وێنە مجەسەمەکانییان دەداو دەیانییان برد بە ئاسمانا وایان دەزانی مرۆڤی ڕاستەقینەن . هەندێکی کەش پێش خەوتن نایان زانی گڵۆپە داگیرساوەکان بکوژێننەوە بۆیە دەیانییان شکاند **(جولة في الصین-كارل اسكلوند-ترجمة عمر الاسكندري-دار الفكر العربي-قاهرة-ص176)** . چینییەکان ئەوەی لە ئاوا مەلەی بکردایا جگە لە کەشتی هەڵییان دەلوشی  , بەڵام ئێستا بە دوای خواردنی خۆشدا دەگەڕێن ( بیان –عادل حمودە 2–4–2005). ئەوەی لە ئاسمان بفڕایا دەیان خوارد جگە لە فڕۆکە , ئەوەی بە زەوییا بڕۆیشتایە جگە لە ئۆتۆمۆبێل قوتییان دەدا (شرق ئەوسەت 2–4–2005). بەڵام شۆڕش پادارو خۆراکی لە یەکتر بۆیان جیاکرەوە . بە سەرکەوتنی شۆڕش  300 ملیۆن جوتییار 47 ملیۆن هکتار زەوییان وەرگرت , پێش شۆڕش زۆربەی زەوی کشت و کاڵی بە دەست دەرەبەگەکانەوە بوو  , بۆیە جوتیاران لە هەموو توێژەکان دیکە زیاتر  پەیوەست بوون بە ئامانجەکانی شۆڕشەوە , تا ئێستاش پارێزگارانی ناو حیزب لە ڕیفۆرمیستەکان زیاتر پشتگیرییان هەیە لە ناو جوتییاران . داهاتی تاك لە چین لە ساڵی 1965 تەنها 29 دۆلار بوو , لە 2003 گەیشتە 828 دۆلار , 28,5جار زیادی کرد .

 کە شۆڕش هەڵگیرسا زیاتر لە 250 ملیۆن چینی لە هەژارییدا دەژییان  لە کۆی 541 ملیۆن هاولاتی کە نزیك بە 46,2٪ دانیشتوانی پێك دەهێنا, هەژاری بە پێوەری چینی نەك داهاتی 2 دۆلار زیار بۆ تاك .

لە ساڵی 1949دا چین وڵاتێکی مۆدێرن نەبوو , یەکێك بوو لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی جیهان , ئاستی ژیان و پێشکەوتنی لە خوار هیندستانەوە بوو . کە شۆڕشی چین سەرکەوت , کۆمۆنیستەکان چونە سەر  ژێر خانێکی وێران و دواکەوتوو,  گرنگترین بەرهەمییان ئەمەی خوارەوەیە . ڕستن 445000 تەن –قوماش 2,79 ملیار مەتر–خەڵۆزی بەردین 61, 88 ملیۆن تەن–کارەبا تەنها 6 ملیار کیلۆ وات لە کاتژملێرێکدا –دانەوێڵە 150 ملیۆن تەن – لۆکە

849000 تەن . لە کاتێکدا ساڵی 1949 ژمارەی دانیشتوانی چین 541,71 ملیۆن بوو . تەنها 20٪ مناڵان دەچونە قوتابخانە.

ناوچەی تیبت یەکێکە لە ناوچە دواکەوتوو هەژارەکانی چین , ئێستا دانیشتوانەکەی 2,7368 ملیۆن کەسە , ناوەندی تەمەن لە ڕابردوودا تەنها 35,5 ساڵ بوو , ئێستا بۆتە 67 ساڵ (شینخوا 31-3-2005). ئەمەش ڕادەیی دواکەوتویی و کەمی ئاستی گەشەی تاك لەم وولاتە دەردەخات . لە ساڵی 1954 دا یەکەم ڕێگا لە تیبت دروستکرا , بەسترا بە چینەوە , بەلام ئێستا 41000 کم ڕێگای لێ دروستکراوە (10-9-2004 شینخوا ). ناوچەی تیبت داهاتی نەتەوەیی 39 ملیۆن دۆلار بوو , لە 2003 گەیشتە 2,2 ملیار دۆلار . لە سەردەمی بەرپاکردنی شۆڕش 90٪ هاوولاتییان نەخوێندەوار بوون , لە ساڵی 1990 ژمارەی نەخوێندەواران 182 ملیۆن بوو , لە 2000 دابەزی بۆ 85 ملیۆن , ڕێژەی لە 22,23٪ دابەزی بۆ 8,72٪ (شبكە صین 24-10-2003). بازرگانی چین ساڵی 1949 تەنها 1,13 ملیار دۆلار بوو, لە 55 ساڵدا بازرگانی چین 750 جار زیادیکرد , لەماوەی 20 ساڵدا بازرگانی چین لە 100 ملیارەوە گەیشتە زیاتر لە53 1,1 ترلیۆن دۆلار . ئێستا بازرگانی 1000 جار زیاترە لە ساڵی 1949.

## خەونی تێر ئاوخواردنەوەی چینییەکان

باشوری چین دەوڵەمەندە لە بواری سامانی ژێر زەمینی و سەر زەوینی و ئاسمانی ئاو , 80٪ ئاوی چینی لەو دەڤەرەدایە , بەلام باکور هەژارە , ناوچەیەکی ووشك و برینگە تەنها 14,7٪ ی ئاوی چین دەکەوێتە ئەم دەڤەرەوە . بیری گواستنەوەی ئاو لە باشورەوە بۆ باکور دەگەڕێتەوە بۆ پێش 50 ساڵ لەمەوپێش , پرۆژەی گواستنەوەی ئاو بریتییە لە گواستنەوەی ئاو بە درێژایی 1300 کم و گواستنەوەی 44,8 ملیار مەتر چوار گۆشەی ئاو لە باشورەوە بۆ باکور , ماو لە ساڵی 1952 ەوە بیری لەم پرۆژەیە کردەوە (28-11-2002 قنات). بەلام هەر بە خەون مایەوە , تا لە سەدەی بیست و یەك چووە بەرنامەی جێبەجێ کردنەوە , ساڵی 2010 پرۆژەکە تەواو دەبێت (27-12-2002 بی بی سی).

نیو سەدە گفتو گۆ کرا لەسەر پرۆژەی گواستنەوەی ئاو لە باشوری تەڕەوە بۆ باکوری وشك و برینگ , تا لە ساڵی 2002 بڕیاری لەسەر درا ,گواستنەوەی 44,8 ملیار مەتر چوارگۆشە لە ڕوباری یانغسی لە 3 ڕێگاوە بۆ باکور لە ڕێگەی دروستکردنی ڕوباری زەردی دوەمەوە ,دەبێتە دووەم ڕوباری درێژ لە چین , لە دیسەمبەری ساڵی 2002 دەستی پێکرا و لە ساڵی 2007 ئاو دەگاتە شاندۆنغ و پەکین و ساڵی 2010 تیانجین , ئەم پرۆژەیە 60,5 ملیار دۆلاری تێدەچێت (ڕۆژنامەی گەل 23-3-2005). ئەمەو خەونی گەورەتری چینییەکان یەك بە دوای یەکدا دەبن بە ڕاست , هەموو خەونەکانیش بەرهەمی شۆڕشە , بۆیە ئەوەی ماو کردی گەورەترە لەوەی ئەسکەنەر و بسمارك و ناپلیۆن ئەنجامییان دا .

| | |
|---|---|
| المنطقة الجبالية فى وسط تايوان | لا اقل من 4000 |
| المنطقة الساحلية فى جنوب الصين | 1600-2000 |
| وادى نهر اليانغتسى | 1000-1500 |
| وادى نهر اليانغتسى | 400-800 |
| المناطق الشمالية الغربية الداخلية | 100-200 |
| حوض تاريم وحوض توربان وحوض تشايدام | لا اكثر من 25 مم |